# گێچەڵکردن و پەیوەندی بە تەندروستی دەرونی هەرزەکارە کچەکان

(توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری ڕانیە)

**پشتیوان عوڵا خدر[1] - جوان اسماعيل احمد[2]**

[1+2]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، کوردستان، عێراق.

## پوختە

گێچەڵکردن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بوە بە دیاردەیەکی جیهانی و کێشەیەکە ڕوبەڕوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆتەوە. ئەمەش وایکردوە، ببێتە جێگای سەرنج و تێبینییەکانی توێژەران و هاندەرێک، کە هەنگاو دارشتن و سەرنجەکانیان لەسەر ئەم کێشەیە بخەنەڕو، چونکە کێشەیەکە بەرۆکی مرۆڤایەتی بەتایبەت ڕەگەزی مێی گرتوە، هەرچەند ڕەگەزی نێریش بەدەرنییە لەم کێشەیە، لەناو ئەوانیش گرینگترین چینی کۆمەلایەتی کە ڕوبەڕوی ئەم کێشەیە بونەتەوە بریتییە لە چینی هەرزەکارە کچەکان.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گێچەڵکردن بە تەندروستی دەرونی هەرزەکارە کچەکان. هەروەها توێژەر بە مەبەستی شیکردنەوەی ئامانجەکانی سودی لە میتۆدی وەسفی شیکاری وەرگرتوە. بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر فۆرمێکی لە پێوەری گێچەڵکردن لە (31) برگەو پێوەری تەندروستی دەرونی لە (22) برگە پێکهاتبون ئامادەکردوە. هاوکات بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی (٣٣٤) هەرزەکارە کچەکان لە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی شاری ڕانیە هەڵبژێردراون. توێژەر سودی لە هەردو پرۆگرامی ئاماری(SPSS) و(AMOS) وەرگرتوە.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتوە بریتیین لە: هیچ یەک لە شێوازەکانی گێچەڵکردن (جەستەیی، زارەکی، هێمایی، ئۆنلاین) لەناو کۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا نەبۆتە دیاردە، بەڵکو وەکو حاڵەت هەیە. هاوکات دەرکەوتوە، کە ئاستی تەندروستی دەرونی بەشدارانی نمونەکە باشە. بەلام ئەو کچانەی لە تەمەنی منداڵیدا و بەتایبەتی لە تەمەنی (٦-١٠) گێچەڵیان پێکراوە، ئاستی تەندروستی دەرونییان لاوازترە، بە بەراورد بەتەمەنەکانی تر. هەروەها داتاکان ئەوەیان خستۆتەڕو ئەوانەی، کە گێچەڵیان پێدەکرێت ئاستی تەندروستی دەرونیان لاوازترە، بە بەراورد بەوانەی گێچەڵییان پێنەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەرزەکارە کچانەی، کە ڕوبەڕوی گێچەڵکردنی جەستەیی و ئۆنلاین دەبنەوە ئاستی تەندروستی دەرونییان لاوازترە، بە بەراورد بە جۆرەکانی تری گێچەڵکردن.

**کلیلە وشەکان:** گێچەڵکردن، تەندروستی دەرونی، هەرزەکاری.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28**

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28
**Received:** 25-July-2022
**Accepted:** 23-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
pshtiwan.khder@su.edu.krd
jwan.bakr@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی

گێچەڵکردن لەم ڕۆژگاردا بۆتە جێگای باس و خواســـێکی گەرم، لە تەواوی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراســـتدا و وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و تەواوی وڵاتانی عەرەبی. گومانی تێدا نییە، کە شـــێوازی گێچەڵکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە. ئەمەش بۆ ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییە باوەی کۆمەڵگاکە دەگەڕێتەوە، گێچەڵکردن لە کۆنەوە بونی هەیە و تاکو کۆتایی ژیانیش بەڕێژەی جیاواز بەردەوامی دەبێت، چونکە تێکەڵبونی ڕەگەزی نێر بەتایبەت خوێندن و بازار و شوێنە گشتییەکاندا، کە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی گێچەڵکردن بە هەرزەکارە کچەکان لە بەرزبونەوەدایە. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشـــو، ئەمەش وایکردوە هەرزەکارە کچەکان ڕووبەڕوی زۆر ڕەفتاری نەشیاو ببنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کرانەوە بۆ جیهانی دەرەوە و هاتنی مۆبایلی زیرەک و سایت و پرۆگرامە سێکسییەکان و نەبونی سانسۆر و لەسەرییان، وایکردوە کێشەکانی ژیانی مرۆڤەکان ڕو لەزیادبون بکەن، بەدڵنیاییەوە بەرەوپێشچونی ژیانی تاک سەردەکێشێ بۆ زیادبونی کێشمەکێشمی زیاتر و ململانێی زیاتری نێوان نەوەکان، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی دروستبون و بڵاوبونەوەی ڕەفتاری گێچەڵکردن، چونکە لەگەڵ هاتنی ئەو پێشکەوتنە بەردەوامەی سیستەمی بەرژەوەندی خوازەکان وایکردوە ژیان بکەوێتە ژێر کێشـــەی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە لەوانەش زیادبون و ســـەرهەڵدانی کێشـــەی گێچەڵکردن بە هەرزەکارە کچەکان، کە یەکێکە لەبەرهەمەکانی ئەو ســـیســـتەمە و ڕێگەخۆشـــکەربوە، کە هەرزەکارە کچەکان بکەونە بەر شـــاڵاوی گێچەڵکردن لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەر، چونکە پەیدابونی ئامێرە زیرەک و سایتەکان بێ سانسۆری وایکردوە کۆمەڵگا بەرەو ئاقارێکی نادیار هەنگاوبنێت.

### ١. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

#### ١.١. گرفتی توێژینەوەکە

هەروەک لە نـاونیشـــانی توێژینەوەکەدا دیـارە گرفتی ئەم توێژینەوە بـاس لە گێچەڵکردن لە پەیوەنـدیکردن بە تەندروســـتی دەرونی هەرزەکارە کچەکان دەکات، گێچەڵکردن لەم ســـەردەمەی ئێســـتادا بابەتێکی تارادەیەک

شـــاراوەیە، بەڵام کێشـــەیەکی ناو کۆمەڵگایە، زۆرجار تاکەکان ڕووبەڕوی گێچەڵیکردن لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەر دەبنەوە، بەتایبەتی دژی توێژی هەرزەکارە کچەکان. زۆرجار ئەم گێچەڵکردنە شـاردراوەتەوە، یاخود بابەتێکە، کە باسکردنی لە ناو کۆمەڵگە بۆتە عەیبە، یاخود دەستبردن بۆ ئەم بابەتە بە پەردەپۆشی ماوەتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە دابونەریتی کۆمەڵگاوە هەیە، کە وەک شـتێکی عەیبە دەیبینێت، بۆیە بەیانناکرێت یاخود پەردەپۆش دەکرێت، ئەم گێچەڵیکردنە بەتـایبەتی لەنـاو هەرزەکـارانی کچ ڕەنگە بەهۆی کۆمەڵێـک گۆڕانکـاری جەســـتەی و دەرونی و کۆمەڵایەتی بکرێت. بۆیە توێژەری کۆمەڵایەتی دەیەوێت پەردە لەســەر ڕاسـتی ئەو کێشـانە لابدات و پرسـیارێکی لەلا گەڵاڵەبوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە کێشـــەی ســـەرەکی ئەم توێژینەوەیە: گێچەڵکردن تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەســـەر تەندروســـتی دەرونی هەرزەکارە کچەکان هەیە؟ ئایا ئاســـتی تەندروســـتی دەرونی نمونەی بەشـــداران کۆمەڵگای توێژینەوەکە چۆنە؟

### ٢.١. گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە پەیوەســـتە بە توێژێکی گرنگ و هەســـتیار ئەویش توێژی هەرزەکـارە کچەکـانە ئەم گرنگییەش خۆی دەبینێتەوە لە **لایەنی تیۆری**: ئەم توێژینەوە دەبێتە هۆی کەڵەکەبونی زیاتری مەعریفە لەبواری دەرونزانی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەهۆی کەمی توێژینەوە لەم بوارەدا دەبێتە هۆی زیاتر کەڵەبونی ســـەرچاوەی زانســـتی لە پەرتوکخانەکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان، چونکە توێژینەوەی کەم بەرچاو دەکەوێـت لەم بـابەتەدا. **لەڕوی پراکتیکییەوە**: ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ لایەنی پەیوەنـدیـدار بەتایبەتی لایەنی پەروەردە، کە زیاتر ئاشنا دەبن سەبارەت بە گێچەڵکردن، ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئەم لایەنە بۆ زیاتر گرتنەبەری ڕێگەچارە و دانانی پلانێکی گونجاو لە پێناو چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەم کێشەیە.

### ٣.١. ئامانجی توێژینەوەکە:

أ. دیاریکردنی جۆرەکانی گێچەڵکردن لای هەرزەکارە کچەکان.

ب. دەرخستنی ئاستی تەندروستی دەرونی هەرزەکارە کچەکان.

ج. زانینی پەیوەندی گێچەڵکردن بە تەندروستی دەرونی لای هەرزەکارە کچەکان.

### ٤.١. سنوری توێژینەوەکە:

سنوری شوێن: قوتابخانە ئامادەییەکانی خوێندنی بەیانیان لە سەنتەری شاری ڕانیە دەگرێتەوە.

سنوری کات: ساڵی خوێندن ٢٠٢١-٢٠٢٢

سنوری مرۆیی: سەرجەم خوێندکارە هەرزەکارە کچەکان لە قۆناغی ئامادەی بەیانیان دەگرێتەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

## ٢. دیاریکردن و ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### ١.٢. گێچەڵیکردن - Harassment

چەمکی گێچەڵکردن بۆ یەکەم جار لە ساڵی (1970)دا لەلایەن زانای ئەمریکی بواری جێندەرناسی بەناوی (کاثرین مـاکینۆن– Catharine Mackinnon) نـاســـێنراوە، وەکو کردەی جۆراوجۆر، کە ژنـانی بێڕێز کردوە و پەراوێزخستوە. ماکینۆن دەڵێت:" گێچەڵکردن وەک ڕەفتارێکی توند و جیاکاری و نایەکسـانی ڕەگەزییە و هەروەها هەڕەمی دەســـەڵات بەهێز دەکـات"(miller,2013,p.4). (جـاکلین بیکەر –Jaclyn paker) چەمکێکی قوڵتر و گشتگیرتری بۆ گێچەڵکردن پێشکەشکرد، کە خۆی لە شکاندن و دەستوەردان لەناو بواری تایبەتی تاکەکەسـی ژنێک بەمەبەســـتی دەســـتدرێژیکردن و کۆنترۆڵکردنی (خطاب، ٢٠١٧، ص٢٧). لەلایەکی ترەوە (ئەنتۆنی گیدنز Anthony Giddens) پێیوایە ئەم چەمکە بریتییە لە "هەوڵدانی تـاک بۆ بەدیهێنـانی پێشـــکەوتن لە پەیوەندی سـێکسـیدا، کە لایەنەکەی تر ئارەزوی ناکات. لەم هەوڵدانە لایەنی یەکەم سـورە لەسـەر کارەکە، هەرچەندە بۆی دەربکەوێت لایەنی دوەم بەرهەڵستی هەوڵەکەی دەکات"(یاسین، ٢٠١٨، ل٩).

**پێناسـەی تیۆری:** گێچەڵیکردن بریتییە لە ڕەفتارێکی نەگونجاو نەشـیاو، یاخود هێمایەکی ناپەسـند و ناقبوڵکراو، کە بەشـێوەیەی جەسـتەیی یاخود بەشـێوەیەکی زارەکی و هێمایی بەرامبەر بە ڕەگەزی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت و دەبێتە هۆی ئازاردان و بێزارکردن و بێڕێزیکردن بە ڕەگەزی بەرامبەر.

**پێنـاســـەی ڕێککـاریی:** چەمکی گێچەڵکردن بریتییە لە: "کۆی ئەو نمرانەی کەو بەشـــدارانی نمونەی توێژینەوەکە لەئەنجامی وەڵام دانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوەری گێچەڵکردن بۆ ئەم مەبەستە بەدەستی دەهێنن".

### ٢.٢. تەندروستی دەرونی- mental health

(ئەدلۆف مایەر) (Adolf Mayar- 1875-1942) یەکەم کەسە ئەم چەمکەی ناساندوە. بەبۆچونی مایەر تەندروستی دەرونی بریتییە لە "گونجاندنی تاکەکەسـی بەدنیایی دەرەوە و ژینگەی دەوروبەر، بەشـێوەیەک کە ڕازی بێت و وا لەتاک بکات بتوانێت کێشـــە جیاوازەکانی چارەســـەر بکات" (الداهری،٢٠١٠،ص٢٥). لەلایەکی ترەوە (ماســـۆلۆ Abraham Harold Maslow 1908-1970)پێیوایە، "کە تەندروســـتی دەرونی تەنیا دۆخێکی تەبایی نییە، بەڵکو مەیلێکە، کە وامان لێدەکات بەدوای بەهاو پرەنســـیپدا بگەڕێین، واتە پلەیەکی ســـەربەخۆیی (ئۆتۆنۆمی) هەبێت بۆ تاک بۆ گەیشـــتن بە هاوئاهەنگی خۆی و ژینگەی دەوروبەری" (المطیري،٢٠٠٥،ص٢٣). (هاوکات میلەر) ( Miller 1920-2012) پێناسەی تەندروستی دەرونی دەکات و دەڵێت "توانای تاکێکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەی لەژیانیدا ڕوبەڕوی دەبێتەوە بڕیاری کۆتای پێکهێنانی ململانێکە دەدات، تاکو بتوانێت خۆی ڕێکبخات کۆنترۆڵی ئاستی دڵەڕاوکێ و نارێکی دەرونی خۆی بکات "(صالح،٢٠٠٧،ص ٣٣٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

**پێناسەی تیۆری:** تەندروستی دەرونی بریتییە لە دۆخێکی هاوسەنگ و هاوئاهەنگ، کەتێیدا تاک لە بارودۆخێکی ئارام و خۆشـــگوزەران دەژیت لەگەڵ خۆی و ژینگەی کۆمەڵگاکەی، تواناکانی خۆی بەکاردەهێنی بۆ چارەســـەکردنی کێشە و گرفتەکانی ژیان بەپێی بەهاکانی کۆمەڵگاکەی.

**پێناسەی ڕێککاریی:** چەمکی تەندروستی دەرونی بریتییە لە: "کۆی ئەو نمرانەی کەو بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە لەئەنجامی وەڵام دانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوەری تەندروستی دەرونی بۆ ئەم مەبەستە بەدەستی دەهێنن".

### ٢.٣.هەرزەکاری- Adolescence

وشــەی هەرزەکاری (Adolescence) لە وشــەی لاتینی (Adolescere) وەرگیراوە. بەشــێوەیەکی هەنگاو لەدوای هەنگاو بەرەو پێگەیشتنی جەستەی وسێکسی و دەرونی و کۆمەلایەتی و سۆزداری دێت (فهمي1955، ص183). هەرزەکاری لەسەر بنەمای ڕەگەزی گۆڕانکاری بەسەردادێت، چونکە بە گەشەیەکی فیسیۆلۆژی خێرای جەستەیی دەناســـرێت، کە لەبنەڕەتدا کورت و ســـەختە، لە ناو کچان لە نێوان تەمەنی (١١-١٣) ســـاڵی ڕودەدات، بەلام لە کوڕەکاندا لە نێوان تەمەنی (١٢-١٤) ســـاڵی ڕودەدات، واتە لە ناو کچاندا بە بەراورد بە کوڕەکان خێراترە (السيد،١٩٥٦،ص٦٣).

**پێناسەی تیۆری:** هەرزەکاری بە قۆناغی گواستنەوەی منداڵی بۆ پێگەیشتویی تەواو لەڕوی دەرونی و کۆمەلایەتی و جەستەیی و عەقڵی دادەنرێت، ژینگەی کۆمەلایەتی و لایەنی دەرونی تاکەکان ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی سەرەتای تەمەنی هەرزەکاری بۆ قۆناغی پێگەیشتویی و کۆتا تەمەنی هەرزەکاری.

## ٣. تیۆرەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە

### ١.٣. تیۆری ڕەفتارگەرایی-Behaviorism Theory

ڕەفتارگەراکان باوەڕیان وایە، کە هەڵوسوکەوتی تاک دروست دەبێت و هەتا دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی دەرونی ئەم تاکە کاتێک تاک، کە فێری ڕەفتای ناشیرن و هەڵە دەبێت، وەک ڕەفتاری گێچەڵکردن بگرە ئەمە لەچوارچێوەی ژینگەی کۆمەلایەتی فێردەبێت، لە ڕێگەی هاندان و پاڵنەرەکانەوە ئەزمونی ئەو ڕەفتارە دەکات و دەبێتە بەشێک لە هەڵســـوکەوتی ئەو مرۆڤە ئەمەش دەرئەنجامی ئەو نەریت و کولتور و ژینگە کۆمەڵاتییە، کە مرۆڤ لێیەوە فێری بوە بۆ ئەوەی پلەی بێزاری (دودڵی) کەم بکاتەوە پەنا دەباتەبەر ئەو ڕەفتارە، بۆیە بەپێی ئەم ئاراســـتەیە ڕەفتاری گێچەڵکردن بریتییە، لە بەرهەمی لێکەوتەی بـارودۆخی ژینگەی کۆمەڵاتیی نەک کردارە دەرونییەکـانی نـاوەوە (الرابعي،2011، ص23). بەگوێرەی تیۆری ڕەفتارگەرایی، ڕەفتاری کۆمەلایەتی، کە تاک لێی فێردەبێت لە ئەنجامی بەریەککەوتنی یان پێدان و بەخشین و وروژێنەری ژینگەی دەوروبەریەتی، دەرئەنجامی شێوازەکانی پەروەردە و فێرکردنە، و ئەو چاودێریەی، کە بەدەســـتی دەهێنێت لە چوارچێوەی ئەو بیروباوەر و بەها کۆمەڵاتییە باوەیەدا (ذیب، ٢٠١٤، ص١٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

### ٢.٣. تیۆری فێربونی کۆمەڵایەتی Social Learning Theory

باندۆرا پێیوایە لە سیستەمی فێربونی کۆمەڵایەتییدا شێوازی نوێ لە هەڵسوکەتدا دەکرێت، کە لە ڕێگەی ئەزمونی ڕاستەوخۆ، یاخود بەچاودێریکردنی هەڵسوکەوتی تاکەکانی تر بەدەستدەهێنرێت فێربونی کۆمەڵایەتی ڕەگی لە ئەزمونی ڕاستەوخۆدا هەیە، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە پاداشتکردن و سزادانی ئەنجامەکان، کە بەدوای هەر ڕەفتارێکی دیارکراودا دێن تاکەکان بە بەردەوامی ڕوبەڕوی ئەو ڕەفتارانە دەبنەوە، کە کارلێککییان لەگەڵ دەکات (Bandura, 1971, p3). ڕەفتاری فێربون زیاتر لە لایان تاکەکان بەشێوەیەکی زانین و زانیاری بەڕێوەدەبردرێت، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە تاکەکان عەقڵ و خەیاڵ باوەڕی بۆ لاسایکردنەوە و فێربونی ڕەفتاری تاکەکانی تر، لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بەکاردەهێنێت (Whitfield, 2015, p 31). بۆیە باندۆرا جەختی دەکردەوە لەسەر گرنگی فێربون لەڕێگەی سەرنجدان بۆ فێربونی ڕەفتاری توندوتیژ و گێچەڵکردن، کە ئەمەش خۆی لەو ژینگەیە دەبینێتەوە، کە منداڵ تێدا دەژی. باندۆرا باوەڕی وابو، کە خێزان ژینگەی یەکەمە لە دروستبونی ڕەفتاری توندوتیژ و گێچەڵکردن، چونکە تاک بە ڕەفتاری لاسایکردنەوە فێردەکات، کە ئەمەش پەیوەستە بە سزاو پاداشتەوە، چونکە ئەگەر ڕەفتاری توندوتیژ و گێچەڵکردن ببێتەهۆی بە دەستهێنانی هێز و پێگەیەک، یاخود بەخشینی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو کەسە بەردەوام دەبێت لە ڕەفتاری توندوتیژ و گێچەڵکردن (الزبیدي، ٢٠٢١، ص١٨٠).

### ٣.٣. تیۆری دەرونشیکاری سیگمۆند فرۆید- Psychoanalytic Theory

ئەو تیۆرە لەژێر کاریگەری سیگمۆند فرۆید (Sigmund Freud 1856-1939) سەری هەڵدا. فرۆید جەختی لەسەر نەست(Subconscious)، وەک پاڵنەرێکی بەهێز لە ناو ناخی مرۆڤدا کردۆتەوە و بە پاڵنەرێکی بەهێزی ناویدەبرد، لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ، هەروەها کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر قۆناغی گەشەسەندنی کەسایەتی تاک هەیە، و کاریگەری لەسەر لایەنی سۆزداری و ویژدانی تاکەکان هەیە، هەروەها پەیوەندی بە لێکدانەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان هەیە (سارە، ٢٠١٧، ص٩٢). چونکە فرۆید پێیوابو سەرجەم هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ لەلایەن (ڕەمەکی ژیان و مردن) ئاراستەدەکرێن، کە دەربڕی پێداویستی فسیۆلۆژییەکانی مرۆڤن، هەروەها باوەڕی وایە ئەم دو ڕەمەکە بەردەوام لە ململانێدان و بەچەند شێوەیەک خۆیان دەخەنەڕو (فروید، ١٩٨٣، ص٦٧). بەشێوەیەکی تر ڕەمەکی ژیان خۆشەویستی بەرهەمدێنێت، ڕەمەکی مردن ڕق و توڕەیی و توندوتیژی فرۆید پێیوایە ئەم دو ڕەمەکە بەبێ یەک بونیان نییە، هیچ کامێکیان لەویتریان باشترنین، مرۆڤەکان بەبێ هیچ یەکێکیان ناتوانێت بژی، خودی ژیان و خۆشی بەندە لەسەر کارلێک و کارلێکی پێچەوانەی ئەم دو ڕەمەکە لەگەڵ یەکدا (ئانشتاین، فرۆید، ٢٠٠٧، ل٢٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

## ٤. توێژینەوەكانی پێشو

**١.٤. توێژینەوەی morally (٢٠١٢).** بە ناونیشـــانی (ئەزمونی ژیانی هەرزەكاران لە گێچەڵكردنی ســـێكســـی لە ناوەندی قوتابخانەدا). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە وبەدەســـتهێنانی تێگەشـــتنێكی قوڵتر لە ئەزمونی ژیانی هەرزەكاران ســـەبارەت بە گێچەڵكردنی ســـێكســـی لەناو ژینگەی قوتابخانەدا، میتۆدی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی چۆنایەتی، قەبارەی نمونەكەی لە (١٠) یەكە لە ڕەگەزی مێ لە دو قوتابخانەی ئامادەیی ڕۆژئاوای شـاری (كەیپ) پێكدێت، نمونەكە بەشـێوەی مەبەسـتدار وەرگیراوە، ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری بریتییە لە چاوپێكەوتن بەپرسیاری كراوە. لە ئەنجامی توێژینەوەكە دەركەوتوە، كە كوڕەكان ڕێز لە كچەكان ناگرن، كوڕەكان دەسەڵات و هێزی خۆیان بەســەر كچەكاندا نیشــان دەدەن، لە قوتابخانەكەدا گێچەڵكردنی ســێكســی بەشـێوەیەكی ئاشـكرا و سـوكایەتییان پێدەكرێت، لە وتەو ڕاڤەكانیاندا كچەكان هەست بە شـەرمەزاربون و ترس و شـەرمكردن لەڕوی ئەم ڕەفتارەوە دەكەن.

**٢.٤. توێژینەوەی كردی- نوذری(٢٠١٥).** بە ناونیشانی (ئەزمونكردنی جۆرەكانی گێچەڵكردنی سێكسی ژنان) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە پێوانەكردنی ئەزمونكردنی جۆرەكانی گێچەڵكردنی سێكسی ( زارەكی، هێمایی، جەستەی)، میتۆدی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڕوپێوی كۆمەڵایەتی بەنمونە، قەبارەی نمونەكە بریتییە لە (٣٥٠) ژن لە شاری (ساری)، نمونەكەی بەشێوەی هەڕەمەكی هێشویی وەرگیراوە.

لە ئەنجامی توێژینەوەكە دەركەتوە، كە گێچەڵكردنی هێمایی لە نێوان تەواوی ژنەكاندا و گێچەڵی جەستەی لەنێوان (٩٥%)ی ژنان و گێچەڵی زارەكی لەنێوان (٩٠%)ی ژنان ئەزمون كراوە، هەروەها ڕادەی گێچەڵی ســـێكســـی لەجۆری زارەكی و هێمایی لەنێوان ژنانی خاوەن بڕوانامە و بەپێی جیاوزای گۆڕاوی باری كۆمەڵایەتی (ســـەڵت، خێزاندار) جیاوازی ئاماژەداری ئاماری هەیە، بەڵام ڕادەی گێچەڵی جەســـتەی لەنێوان ژنانی ئاســـتی خوێندەواری نزم و بارودۆخی جیاوازی گۆڕاوی باری كۆمەڵایەتی (ســـەڵت، خێزاندار) جیاوازی ئاماژەداری ئاماری بونی نییە، هاوكات ڕادەی گێچەڵی هێمایی و جەســـــتەی لەنێوان ژنانی خاوەنكار و بێكار جیاوازی ئاماژەداری ئاماری نییە، لەلایەكی تر ڕادەی گێچەڵی زارەكی لەنێوان ژنانی خاوەنكار و بێكار جیاوازی ئاماژەداری ئاماری هەیە، لە هەمان كاتدا ئەوانەی تەمەنیان كەمترو و گەنجترن، وە جوانترن بەبەراورد بە ژنانی تر ڕادەی گێچەڵی سـێكسـی بەهەر سێ شێوازی زارەكی و هێمای و جەستەی زیاتر ڕوبەڕویان دەبێتەوە.

٣.٤. **توێژینەوەی شــقرانة (٢٠١٧).** بەناونیشـــانی (گێچەڵی ســـێكســـی لە ناوەندەكانی قوتابخانە و كاریگەری لەســـەر كارلێكی كۆمەڵایەتی لەناو قوتابخانەدا). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دیاریكردنی ڕاســـتی گێچەڵكردنی ســـێكســـی لە ناوەندی قوتابخانەدا، دۆزینەوەی كاریگەری گێچەڵكردنی ســێكســی لەســەر كارلێكی كۆمەڵایەتی لە ناوەندی قوتابخانەدا. میتۆدی ئەم توێژینەوەیە، بریتیین لە میتۆدی وەسفی و شێوازی چەندێتی، قەبارەی نمونەكە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

پێکدێت لە (٣٠) قوتابی لە قوتابخانەی ئامادەی (محمد بن عبدالرزق) لە شاری (عین سارە) لە پارێزگای (الجلفة) دا بە شێوەی تۆپەڵە بەفر نمونەکەی وەرگرتوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە ئەو جۆرە گێچەڵییانە کە لەناوەندی قوتابخانەدا بڵاوبونەوە بریتیین لە گێچەڵکردنی زارەکی و هێمای و بەرێژەیەکی زۆر، بەڵام گێچەڵکردنی جەستەی ڕێژەیەکی زۆر کەم هەیە، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاواز لەنێوان گێچەڵکردن و هاوکاری کردندا هەیە، تاکو گێچەڵکردن زۆرتربێت و هاوکارکردن زۆرتر دەبێت، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان گێچەڵیکردن و گونجاندن، تاکو گێچەڵکردن زیاتر بێت گونجاندن زیاتر دەبێت، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی مامناوەند، لەنێوان گێچەڵکردن و ململانێکردندا هەیە، تاکو گێچەڵکرن زیاتر بێت ململانێ زیاتر دەبێت.

٤.٤. **توێژینەوەی فتاح-فتاح**(٢٠١٩). بەناونیشانی (گێچەڵکردن بە ژنان لە شوێنی کاردا و پەیوەندی بە جۆری کارەوە) ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دیاریکردنی کاریگەری جۆری پیشەی ژنانە لەسەر گێچەڵپێکردنیان لە شوێنی کاردا. هەروەها کاریگەری گێچەڵپێکردن لەسەر باری دەرونی ژنان و توانای بەردەوامبونیان لە کارکردندا و چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی ئەم گێچەڵپێکردنە، ئەم توێژینەوەیە میتۆدی چۆنایەتی بەکارهیناوە قەبارەی نمونەکە لە (٤) ژن پێکهاتوە، کە خاوەن پیشەی جیاوازن (ڕۆژنامەنوس، چالاکوان لە ڕێکخراو، ئەندامی حیزبی سیاسی، پەرستار) جۆری نمونەکە بریتییە لە نمونەی مەبەستدار.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتیین لە گێچەڵکردن بە ژنان لە شوێنی کاردا، دیاردەیەکی باوە و لە پیشەیەک بۆ پیشەیەکی دیکە تەنیا بەرێژە دەگۆڕێت ڕێژەی گێچەڵکردن لەو کارانە زیاترە، کە جۆرێک لە کرانەوە لەنێوان کارمەندەکان دەخوازێت، چونکە دەسەڵاتی ئیدارییەکان زۆربەی زۆریان پیاون. بەمەش کاریگەریی گێچەڵکردن لەسەر ژنان فشارێکی دەرونییە لە ترس و دڵەڕاوکێوە دەستپێدەکات تا دەگاتە خەمۆکی، بەڵام لە کۆتاییدا ژنان شێوازێکی تایبەت لە خۆگونجاندن هەڵدەبژێرن بۆ پاراستنی هەردو کەسایەتی و کارەکەیان، واتە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەناچاری و لەبەر نەبونی پشتیوانی یاسایی و کۆمەڵایەتی و توانیویانە شێوازێکی تایبەت لە کردار بەکاربهێنن بۆ بەرەنگاربونەوەی گێچەڵپێکردن لەسەر ئاستی کەسی، بەشێوەیەک هەم بتوانن لە کارەکانیان بەردەوام بن لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە بەها کۆمەڵاتییەکان بکەن.

## ٥. جۆرەکانی گێچەڵکردن

١.٥. **گێچەڵکردنی جەستەیی-** physical Harassment: ئەمە گوزارشتە لە دەستدرێژی و گێچەڵکردنی ئەنقەست بۆ کەسانی تر بەشێوەی توندوتیژی یان پەیوەندی جەستەیی (جعفر، ٢٠١٦، ص٤٦). یاخود کردەوەیەکە لەلایەن گێچەڵکەرەوە، کە هەڵگری هەوەسێکی سێکسییە، بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بێت یاخود بەشێوەیەکی نهێنی، وەک خۆلێخشاندن یان دەستلێدان لە جەستەی ڕەگەزی مێ پیادە دەکرێت (العیسی، ٢٠١٤، ص٨٥).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

٢.٥. **گێچەڵكردنی زارەكی-** Verbal Harassment: بریتییە لە گێچەڵكردنی بەشێوەی زارەكی، كە سەرنج و تانەلێدان و گاڵتەپێكردن و پرسیاری كەسی و چیرۆكی ناڕەوشتی بەشێوەی زارەكی لەخۆدەگرێت (عامر-نیروز، ٢٠٢٠، ص٤٢٤). هەروەها بریتییە لە سەرنج و قسەی جوڵەی دەنگی گێچەڵكراو، پێشنیارەكان و قسەكردن بەشێوەیەكی بێشەرمانە لەگەڵ پرسیاركردن دەربارەی كارە ناڕەوشتییەكان و یاخود ڕابردوی سێكسی و تانەلێدان سەبارەت بە جل و جەستە (ناصف، ٢٠٢٠، ص٢٠).

**٣.٥. گێچەڵكردنی هێمایی** symbol Harassment: ئەم جۆرە گێچەڵكردنە بەشێوەیەكی ئاماژەی نازارەكی و ناجەستەییە و بەشێوەیەكی هێماییە وە زەردەخەنەیەک و وێنە و جوڵەكان بەشێوەیەكی ناڕەوشتی و پێشكەشكردنی بە دەربڕینی جوڵەی دەم و چاو وەک سەیركردنێكی ئابڕوبەرانە و یاخود هێماكردن بە دەست و ناردنی ماچ بە دەست و یاخود هێماكردن بە لێوەكان (ابن مزبان، ٢٠١٥، ص٢٤٨). یاخود ئاماژە و جوڵە بێ زارەكی و لە زمانی جەستەیدا دەردەبڕێن، كە لەلایەن ڕەمەک و ئارەزوە سەرەتاییەكانی مرۆڤەوە نوێنەرایەتی ئەم گێچەڵكرنە دەكرێت (زیان، ٢٠٢٠، ص٢٠).

**٤.٥. گێچەڵكردنی ئۆنلاین** online Harassment: گێچەڵكردنی ئۆنلاین، وەک هەڕەشە و ڕەفتاری گێچەڵییەكی تر پێناسە دەكرێت، كە ڕاستەوخۆ لە گەنجان یاخود كچانی هەرزەكار كراوە، لە ڕێگەی كەناڵەكانی تەكنەلۆژیای نوێ بۆ نمونە (ئینتەرنێت، نوسینی نامە، كۆمێنت نوسین، بڵاوكردنەوەی ڤیدیۆ، پەیوەندی تەلەفۆنی) یان لە ڕێگەی ئۆنلاین بابەتێک بڵاودەكرێتەوە لەسەر گەنجێک، یاخود كچێک بۆ ئەوەی ئەوانی تر ببینن ( Jonse And others, 2013, p54). بەشێوەیەكی تر! جۆرێک لە ئازار پێناسە دەكرێت، لەڕێگەی ئینتەرنێت و پەیوەندی دیجیتاڵییەوە ڕودەدات وەک ئیمەیڵ و نامەی ڕاستەوخۆ و كۆمێنت و سەرنج و لێدوان لەسەر تۆڕی كۆمەڵایەتیەكان وەک (فەیسبوک و ئینستگرام و سناپ چات و بابەتەكان لە وێب سایتەكان و یان بلۆگەكانی تر، یاخود ڤیدیۆی بڵاوكراوە لەخۆدەگرێت لەگەڵ نامە و تەلەفۆنی مۆبایل، كە ئەمەش دەتوانرێت قوربانییەكەی یاخود تاكەكەی پێ هەراسانبكرێت (Parks, 2013, p9)

## ٦. چوارچێوەی میتۆدی بواری توێژینەوەكە

### ١.٦. میتۆدی توێژینەوەكە-Study Method

میتۆدی بەكارهاتوی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیكاری، كە تێیدا ئامار و داتاكان لە كۆمەڵگا كۆدەكرێتەوە بەشێوەی خشتە و وێنە دەخرێتەڕو. بە ئامانجی ئەوەی ڕاستی پەیوەندی و جیاوازی نێوان گۆڕاوەكان و تاكەكانی توێژینەوەكە بخاتەڕو. بۆ كۆكردنەوەی داتاكان لە كۆمەڵگای توێژینەوەكە سودی لە ڕوپێوی كۆمەڵایەتی بەنمونە وەرگیراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

### ٢.٦. کۆمەڵگای توێژینەوەکە- Community

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە سەرجەم قوتابیان قۆناغی ئامادەیی هەرزەکارە کچەکان لە سەنتەری شاری ڕانیە لە قۆناغەکانی (١٠-١١-١٢) قوتابخانە حوکمییەکانی بەیانیان دەگرێتەوە، بەپێی دواین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی هەرزەکارە کچەکان لە (٢٢٩٤) قوتابی پێکدێت لە (١٠) قوتابخانەدا.

### ٣.٦. نمونەی توێژینەوەکە- Sample

لەم توێژینەوەیەدا پەنابراوەتە بەر نمونەی هەڕەمەکی چینایەتی، نمونەکە پێکهاتوە لە (٣٣٤) قوتابی قۆناغی ئامادەی هەرزەکارە کچەکان، واتە بە نزیکەی لە (١٠٪) لە کۆی کۆمەڵگاکەمان پێکهاتوە، دوای دیاریکردنی ژمارەی قوتابیانی هەر قوتابخانەیەک، بەشێوەی هەڕەمەکی بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی قوتابیان بەپێی پۆلەکان نمونەکە وەرگیراوە.

خشتەی (١) کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| ژ | ئامادەیەکانی شاری ڕانیە | پۆلی ١٠ زانستی | پۆلی 10 وێژەیی | پۆلی١١ زانستی | پۆلی١١ وێژەی | پۆلی١٢ زانستی | پۆلی ١٢ وێژەیی | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | کۆمەڵگە | نمونە |
| 1 | سۆرانی تێکەڵاو | ٣٤ | 8 | 16 | 7 | 20 | 31 | 116 | 17 |
| 2 | سەید ئەمینی کچان | 27 | 22 | 30 | 19 | 31 | 29 | 158 | 23 |
| 3 | ڕاپەڕین تێکەڵاو | 60 | ٢٤ | 42 | 12 | 38 | 83 | 259 | 38 |
| 4 | ئالانی تێکەڵاو | 128 | 33 | 88 | 32 | 52 | 105 | 438 | 64 |
| 5 | پەیامی تێکەڵاو | 31 | 18 | 27 | 15 | 19 | 17 | 127 | 18 |
| 6 | ڕانیەی کچان | 94 | 40 | 74 | 29 | 55 | 79 | 371 | 54 |
| 7 | داهێنی تێکەڵاو | 25 | 6 | 25 | 12 | 8 | 24 | 100 | 15 |
| 8 | کێوەڕەشی تێکەڵاو | 85 | 11 | 74 | | 15 | 122 | 307 | 45 |
| 9 | سەفینی تێکەڵاو | 96 | 17 | 44 | 7 | 16 | 54 | 234 | 34 |
| 10 | کۆبانی تێکەڵاو | 57 | 23 | 37 | 12 | 20 | 35 | 184 | 26 |
| کۆی گشتی | | 637 | 202 | 457 | 145 | 274 | 579 | ٢٢٩٤ | ٣٣٤ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

### ٧. ئامراز و کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

### ١.٧. پێوەری گێچەڵکردن و تەندروستی دەرونی

#### أ- وەسفی پێوەرەکان

توێژەر بۆ داڕشـــتنی بڕگەکانی هەر دو پێوەری توێژینەوەکە، کە بریتیین لە پێوەری گێچەڵکردن و تەندروســـتی دەرونی سودی لە هەندێک سەرچاوە وەرگرتوە، وەک لە خشتەی (٢) ئاماژەی پێکراوە.

**خشتەی(٢) سەرچاوەی داڕشتنی پێوەرەکانی گێچەڵیکردن و تەندروستی دەرونی**

| أ-ژمارەی بڕگەکانی گیچەڵکردن | ژمارە | سەرچاوە |
|---|---|---|
| ١، ٥، ٩، ١٣، ١٧، ٢١، ٢٤، ٢٧، ٣٠ (بەگۆڕانکارییەوە) | ٩ | الصبحيين- القضات 2013 |
| ٢، ٦، ١٠، ١٤، ١٨، ٢٢، ٢٥، ٢٨، ٣٠ (بەگۆڕانکارییەوە) | ٩ | السوقي،2016 |
| ٤، ٨، ١٢، ١٦، ٢٠ (بەگۆڕانکارییەوە) | ٥ | بريكى،2018 |
| ٣، ٧، ١١، ١٥، ١٩، ٢٣، ٢٦، ٢٩ | ٨ | توێژەر |
| کۆی گشتی | ٣١ | |
| ب- ژمارەی بڕگەکانی تەندروستی دەرونی | | |
| ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٧، ١٨، ١٩ | ٢٠ | عبدالخالق،2016 |
| ٨، ١٦ | ٢ | توێژەر |
| کۆی گشتی | ٢٢ | |

#### ب. تایبەتمەندییەکانی سایکۆسۆمەترییەکان

**١. ڕاســتی ڕواڵەتی- Face validity:** بۆ دەرهێنانی ڕاســتێتی ڕواڵەتی پێوەرەکانی توێژینەوەکەمان بەشــێوەیەکی ســـەرەتایی خســـتبو بەردیدی کۆمەڵێک پســـپۆر، ئەمەش لەپێناو دەرخســـتنی بۆچونی خۆیان لەبارەی بڕگەکانی پێوەرەکەبو، لە ئەنجامی ئەو پرۆســـەیە، (٤) بڕگە لە پێوەری گێچەڵکردن لابرا و(٣٨) بڕگە مایەوە توێژەر پابەندبو بە مانەوەی ئەو بڕگانەی (٨٠%) جێگەی ڕەزامەندی پســـپۆڕانیان بەدیهێناوە، بە هەمان شـــێوەی (٤) بڕگە لە پێوەری تەندروســـتی دەرونی لابراو (٢٤) بڕگە مایەوە توێژەر پابەند بو بە مانەوەی ئەو بڕگانەی (٨٠٪) جێگەی ڕەزامەندی پسپۆڕانیان بەدیهێناوە.

**٢. جێگیری- Reliability:** لەم توێژینەوەیەدا بە دو ڕێگا" دوبارە تاقیکردنەوە، چۆنایەتی نێوخۆی" جێگیری بۆ پێوەرەکانی گێچەڵکردن و تەندروستی دەرونی دەرکراوە، کە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی لەخوارەوە خراوەتەڕو:

*** ڕێگەی دوبارە تاقیکردنەوە**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

**١- دوباره تاقیكردنەوەی بۆ پێوەری گێچەڵكردن**: بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری گێچەڵكردن توێژەر پشـــتی بە دوبارە تاقیكردنەوە بەســـتوە، بە ئامانجی دەرهێنانی هاوكۆلكەی پەیوەندی نێوان نمرەكانی تاقیكردنەوەی یەكەم و تاقیكردنەوەی دوەم، بە هەمان ڕێگا بۆ ئەم مەبەســـتەش توێژەر بەشـــێوەیەكی هەڕەمەكی نمونەی (24) قوتابی هەرزەكارە كچەكانی وەرگرتوە دوای پانزە ڕۆژ جارێكی تر هەمان پێوەر بەسەر هەمان نمونە دابەشكراوە، دواتر لەڕێگەی پەیوەستی پیرسۆنەوە ئاستی جێگیری پێوەرەكە دەستنیشانكرا كە بریتییە لە (٠.٨٥٣)، ئەمەش ئاستێكی بەرز لە جێگیری پێوەرەكە نیشان دەدات.

**٢- دوباره تاقیكردنەوە بۆ پێوەری تەندروســـتی دەرونی**: بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری تەندروســـتی دەرونی توێژەر پشتی بە دوبارە تاقیكردنەوە بەستوە، بە ئەنجامی دەرهێنانی هاوكۆلكەی پەیوەندی نێوان نمرەكانی تاقیكردنەوەی یەكەم و تاقیكردنەوەی دوەم، بە هەمان ڕێگا، بۆ ئەم مەبەســتەش توێژەر بەشـــێوەیەكی هەرەمەكی نمونەی (24) قوتابی هەرزەكارە كچەكانی وەرگرتوە، دوای پانزە ڕۆژ جارێكی تر هەمان پێوەر بەســـەر هەمان نمونە دابەشـكراوە، دواتر لە ڕێگەی پەیوەستی پیرسـۆنەوە ئاستی جێگیری پێوەرەكە دەستنیشـان كرا، كە بریتییە لە (٠.٨٢٤) ئەمەش ئاستێكی بەرز لەجێگیری پێوەرەكە نیشان دەدات.

*** چۆنایەتی ناوخۆیی - Internal Consistency**: بۆ جێگری پێوەرەكانی گێچەڵكردن و تەندروســـتی دەرونی ، ســودمان لە هاوكۆلكەی ئەلفا كرۆنباخ وەرگرتوە. چونكە ئەم هاوكۆلكەیە گونجاوە بۆ نیشـاندانی ئاسـتی جێگری پێوەرەكان.

**١. چۆنایەتی ناوخۆیی بۆ پێوەری گێچەڵیكردن**: بەمەبەسـتی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەكان، سـودمان لە ئەلفای كرۆنیاخ (Cronbach's Alpha) وەرگرتوە، كە تێیدا گونجانی نێوخۆی بڕگەكان تاوتوێ دەكات. وەكو لە خشـــتەی (٣)ی خوارەوە دەبینرێت، ئاســتی ئەلفای كرۆنیاخی تەوەرەكان (جەســتەیی، زارەكی، هێمای و ئۆنلاین) دەكەوێتە نێوان (0.813–0.870) كە بە ئاستێكی بەرز لە جێگیری دادەنرێت.

خشتەی(٣): جێگیری پێوەری گێچەڵكردن نیشان دەدات

| ناونیشانی تەوەر | Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|
| گێچەڵكردنی جەستەیی | 0.870 | 9 |
| گێچەڵیكردنی زارەكی | 0.835 | 9 |
| گێچەڵكردنی هێمایی | 0.813 | 8 |
| گێچەڵكردنی ئۆنلاین | 0.855 | ٤ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

**٢. چۆنایەتی ناوخۆیی بۆ پێوەری تەندروستی دەرونی:**

سەبارەت بە جێگیری پێوەری تەندروستی کە لە یەک تەوەر پێکدەهات، وەکو لە خشتەی (٤)ی خوارەوە دەبینرێت، بڕی ئەلفای کرۆنباخ بریتییە لە (0.879) کە بە ئاســـتێکی بەرزی گونجانی نێوخۆی دادەنرێت، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە پێوەرەکەمان خاوەنی جێگیرییەکی بەرزە.

خشتەی(٤): جێگیری پێوەری تەندروستی نیشان دەدات

| ناوشانی تەوەر | Cronbach's Alpha | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| تەندروستی دەرونی | 0.879 | 22 |

**٢.٧. فیتکردنی مۆدیلی توێژینەوەکە:**

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەرییە گۆڕاوە سەربەخۆکانی گێچەڵی (جەستەیی، هێمایی، زارەکی، ئۆنلاین) لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتو (تەندروستی دەرونی) سودمان لە "مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی" ( Structural Equation Modeling-SEM) وەرگرتوە. "مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی" تەکنیکێکی ئاماری زۆر سەرەکییە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە زانستە ڕەفتارییەکان (behavioral sciences)دا بەکاردێت. ( Hox and Bechger, 1999, p.1). بە مەبەستی گەیشتن بەم مۆدیلە بە پاڵپشتی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، مۆدیلەکەمان لەنێو پرۆگرامی (AMOS – Analysis of Moment Structures) ڕەسم کرد، وەکو لە وێنەی (١)دا هاتوە.

هاوکات بۆ دڵنیابون لە گونجاوی مۆدیلەکە، پێوەرەکانی "گونجاوبونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێکرا. پاش سڕینەوەی برگەی (٨) لە پێوەری گێچەڵی جەستەیی، برگەکانی (٦ و ٨) لە پێوەری گێچەڵی زارەکی و برگەی (٨) لە پێوەری گێچەڵکردنی هێمایی، هەروەها برگەکانی (١،٢، ٧، ٨، ١٣، ١٤، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩ و ٢١) لە پێوەری تەندروستی دەرونی مۆدیلەکەمان فیت بو و پێوەرەکانی فیتبونی بە دەست هێنا، لە خوارەوەدا دەبینرێت: (CFI=0.902، RMSEA=0.075، PCFI=0.780). بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە مۆدیلەکەمان مەرجە زانستییەکانی بەدەستهێناوەو دەتوانین پشت بە ئەنجامەکانی ببەستین، کە لە بەشی چوارەم، ئامانجی سێیەمدا دەخرێتەڕو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

خشتەی (٥): نیشاندەرەکانی گونجاوبونی مۆدیلەکە نیشان دەدات

| نیشاندەر | بەهای داواکراو | بەهای مۆدیل | دۆخی مۆدیل |
|---|---|---|---|
| X2 (Chi square) | P-value> 0.05 | - | - |
| CMIN\DF | <5.0 | 2.903 | زۆرباش |
| GFI (goodness of fit index) | >0.90 | 0.874 | باشە |
| CFI (confirmatory factor analysis) | >0.90 | 0.902 | زۆرباش |
| RMSEA (Root Mean Square Error of Approximation) | <0.08 | 0.075 | زۆرباش |
| *NFI (Normed fit index)* | >0.90 | 0.815 | گونجاوە |
| IFI (Incremental Fit Index) | >0.90 | 0.902 | زۆرباش |
| PNFI (parsimony normed fit index) | >0.5 | 0.726 | زۆرباش |
| PCFI (parsimony comparative fit index) | >0.5 | 0.780 | زۆرباش |

## ٨. کەنگەشەکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

### ٨.١. ئامانجی یەکەم: پێوانەکردنی جۆرەکانی گێچەڵکردن لای بەشدارانی نمونەکە

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی جۆرەکانی گێچەڵی لە ناو بەشدارانی نمونەکە، سودمان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ یەک نمونەی سەربەخۆ (one-Samples t-test) وەرگرتوە، کە وەکو لە خشتەی (٦)ی خوارەوە دەبینرێت، لە هەر سێ شێوازەکەدا بەشێوەیەکی بەڵگەدار (P-Value=0.000) جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەوندی ژمێرەیی هەیە. بە سەرنجدان بەوەی، کە ناوەندی ژمێرەیی بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی! بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە هیچ یەک لە شێوازەکانی گێچەڵکردن (جەستەیی، زارەکی، هێمایی و ئۆنلاین) بە شێوەی بەڵگەدار ئاماری لای بەشدارانی نمونەکە بونی نییە.

ئەمەش بەو واتایە، کە ئەم جۆرانە لە گێچەڵ لە ناو کۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا نەبوەتە دیاردە، بەڵکو وەکو حاڵەت هەیە. ئەمەش بە مانای ئەوە نییە، کە گێچەڵکردن لە ناو نمونەی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بونی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە گێچەڵکردن بونی هەیە، بەڵام وەک حاڵەت.

هەروەها ئەگەر ناوەندی گۆڕانی تۆمار (Transfer Record) دەربێنین بۆ هەر یەک لە تەوەرەکانی گێچەڵکردن؛ ناوەندی گۆڕانی تۆمار بۆ گێچەڵکردنی جەستەیی بریتییە لە (2.15)، زارەکی (2.57)، هێمایی (2.39) و ئۆنلاین (1.96)، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە ئاستی هیچ یەک لە جۆرەکانی گێچەڵکردن نەگەیشتونەتە (3)، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد و گێچەڵکردن زۆرینەی بەشداران ناگرێتەوە. بەم شێوەیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە گێچەڵکردنی زارەکی ئاستێکی بەرزتری لە چاو جۆرەکانی دیکەی گێچەڵیکردن



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

هەیە، بەپلەی دوەم گێچەڵكردنی هێمایی دێت و دواتر گێچەڵیكردنی جەســتەیی و لەدوای ئەو گێچەڵكردنی ئۆنلاین دێت.

خشتەی (٦): ئاستی جۆرەكانی گێچەڵكردن نیشاندەدات

| جۆرەكانی گێچەڵكردن | ناوەندی ژمێرەیی | نـاوەنـدی گریمانەیی | لادانـــی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| جەستەیی | 19.36 | 27 | 8.247 | 0.000 | 16.92 | ١.٩٦٨ | بەڵگەدارە |
| زارەكی | 15.39 | 18 | 6.580 | 0.000 | 7.251 | ١.٩٦٨ | بەڵگەدارە |
| هێمایی | 16.74 | 21 | 7.682 | 0.000 | 10.144 | ١.٩٦٨ | بەڵگەدارە |
| ئۆنلاین | 7.84 | 12 | 4.455 | 0.000 | 17.086 | ١.٩٦٨ | بەڵگەدارە |

Df= 333 N= 334

### ٢.٨. ئامانجی دوەم: پێوانەكردنی ئاستی تەندروستی دەرونی بەشدارانی نمونەكە

بەمەبەستی پێوانەكردنی ئاستی تەندروستی دەرونی بەشدارانی نمونەكە، سودمان لە تاقیكردنەوەی (t) بۆ یەك نمونەی ســـەربەخۆ (one-Samples t-test) وەرگرتوە، كە وەكو لە خشـــتەی (٧)دا دەردەكەوێت. بەهای (t) دەرهێنراو (16.645) بەشێوەیەكی بەڵگەداری ئاماری گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.968) بە نمرەی ئازادی (333) و ئاســـتی گومانی (0.05)، ئەمەش بەو واتایە، كە جیاوازییەكی بەڵگەدار لە نێوان ناوەندی ژمێرەی و ناوەوندی گریمانەیی هەیە، بە ســـەرنجدان بەوەی كە ناوەندی ژمێرەی (42.92) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (٣٣)! بۆیە جیاوازییەكە بۆ ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراو دەگەڕێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە بەو ئەنجامە دەگەین كە بەشدارانی نمونەكە بەشێوەیەكی بەڵگەدار ئاستی تەندروستی دەرونیان باشە و لەسەرەوەی ناوەندی گریمانەییە.

خشتەی (٧): ئاستی تەندروستی دەرونی بەشدارانی نمونەكە ڕوندەكاتەوە

| ڕەهەندەكانی وێنەی خود | ناوەندی ژمێرەیی | نـاوەنـدی گریمانەیی | لادانـــی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| تەندروستی | 42.92 | 33 | 10.894 | 0.000 | 16.645 | ١.٩٦٨ | بەڵگەدارە |

### ٣.٨. ڕۆڵی تەمەنی گێچەڵ لەسەر تەندروستی دەرونی

بەمەبەســتی دەســت نیشــانكردنی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی تەمەن لەســەر تەندروســتی دەرونی، ســودمان لە تاقیكردنەوەی ئەنۆڤا (one way ANOVA) وەرگرتوە. وەكو لە خشـتەی (٨)دا لە خوارەوە دەردەكەوێت ئاستی بەڵگەداری بریتییە لە (0.000)، كە بچوكترە لە ئاستی گومانی توێژینەوەكە (0.05)، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات كە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان هەر چوار گروپەکە هەیە، کە بریتیبون لە (گێچەڵی پێنەکراوە، ٦ـ ١٠ ساڵ، ١١ـ ١٥ ساڵ و ١٦ ـ ٢٠ ساڵ).

خشتەی (٨): ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی تەمەنی گێچەڵی لەسەر تەندروستی دەرونی نیشان دەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی ژمێرەیی دوجاکان | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەندروستی دەرونی | نێوان گروپەکان | 2550.020 | 3 | 850.01 | 7.587 | 0.000 |
| | نێوخۆی گروپەکان | 36971.956 | 330 | 112.04 | | |
| | گشتی | 39521.976 | 333 | | | |

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوەی، کە ئەم جیاوازییە بۆ جیاوازی نێوان کام یەک لە گروپەکان دەگەڕێتەوە، توێژەر سوودی لە تاقیکردنەوەی (لانیکەمی جیاوازیی بەڵگەداری فیشەر Fisher least Significant Difference = Fisher LSD) وەرگرتوە. وەکو لە خشتەی (٩)دا دەردەکەوێت.

١- ئەوانەی، کە گێچەڵییان پێنەکراوە بەشێوەیەکی بەڵگەدار ئاستی تەندروستییان باشترە، لەوانەی کە لە هەر یەک لە تەمەنەکانی (٦-١٠) ساڵ، (١١-١٥) ساڵ و (١٦-٢٠) ساڵ گێچەڵیان پێکراوە. ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی، کە (P-Value<0.05) و ناوەندی گریمانەیی تەندروستی دەرونی ئەوانەی، کە گێچەڵیان پێنەکراوە بریتییە لە (49.09) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی فیئە تەمەنییەکانی دیکە.

٢- لە نێوان( ٦ ـ ١٠ ساڵ لەگەڵ ١١ ـ ١٥) ساڵ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی بونی هەیە ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی، کە (P-Value=0.021)، کە بچوکترە لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە (0.05). بە سەرنجدان بەوەی، کە ناوەندی ژمێرەی (٦ ــ ١٠ ساڵ) بریتییە لە (39.79) و بچوکترە لە ناوەندی ژمێرەیی تەندروستی (١١ ــ ١٥ ساڵ) (43.13)، بەو ئەنجامە دەگەین، کە ئەو کەسانەی، کە بە تەمەندی منداڵی (٦ ــ ١٠ ساڵ) گێچەڵیان پێکراوە، ئاستی تەندروستی دەرونییان لاوازترە.

٣- جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (٦ ــ ١٠ ساڵ لەگەڵ ١٦ ــ ٢٠ ساڵ) و هەروەها لە نێوان (١١ ــ ١٥ ساڵ لەگەڵ ١٦ ــ ٢٠ ساڵ)دا بونی نییە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-value>0.05)، بۆیە دەتوانین بڵێین کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان ئەم گروپانەدا نییە لەڕوی تەندروستی دەرونییەوە بونی نییە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

خشتەی (٩): تاقیکردنەوەی فیشەر بۆ گۆڕاوی دیموگرافی تەمەنی گێچەڵی نیشان دەدات


| پێوەر | گۆڕاوی دیمۆگرافی تەمەن | جیاوازیی ناوەندەکان | P-Value | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| تەندروستی دەرونی | گێچەڵی پێنەکراو لەگەڵ ٦ ـ ١٠ ساڵ | 9.31 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | گێچەڵی پێنەکراو لەگەڵ ١١ ـ ١٥ ساڵ | 5.96 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | گێچەڵی پێنەکراو ساڵ لەگەڵ ١٦ ـ ٢٠ ساڵ | 7.74 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | ٦ ـ ١٠ ساڵ لەگەڵ ١١ ـ ١٥ ساڵ | -3.35 | 0.021 | بەڵگەدارە |
| | ٦ ـ ١٠ ساڵ لەگەڵ ١٦ ـ ٢٠ ساڵ | -1.57 | 0.447 | بەڵگەدار نیە |
| | ١١ ـ ١٥ ساڵ لەگەڵ ١٦ ـ ٢٠ ساڵ | 1.78 | 0.338 | بەڵگەدار نیە |

### ٣.٨. ئامانجی سێیەم: کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆی گێچەڵی لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتو

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان سودمان لە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرتوە، کە بە پرۆگرامی (AMOS – Analysis Moment Structures) جێبەجێکرا. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوییە. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner)، کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێت، تاکو کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ بکات (ڕەزا و ئەحمەد، ٢٠١٩، ص٢٢٧)، بەم شێوەیە توانیمان مۆدیلی تیۆری توێژینەوە تاقیبکەینەوە (بڕوانە وێنەی ١).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28




وێنەی (١): مۆدیلی تیۆری توێژینەوەکە نیشان دەدات ـ لەلایەن توێژەرەوە

به سـەرنجدان بەو ئەنجامانەی، کە لە مۆدیلسـازی هاوکێشـەی بونیادی لەنێو پرۆگرامی (AMOS) بەدەسـتمان هێنا، توێژینەوەکە لە پەیوەندیی لەگەڵ کاریگەری گۆڕاوە سـەربەخۆکان لەسـەر گۆڕاوی شـوێنکەوتو، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١- گێچەڵکردنی جەسـتەیی کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری (P-Value=0.000) لەسـەر تەندروسـتی دەرونی بەشدارانی نمونەکە هەیە. بڕی ئەم کاریگەرییە بریتییە لە (0.847-) لادانی پێوەری، کە بەشێوەی پێچەوانەیە. واتە بەزیادبونی هەر لادانێکی پێوەری لە گێچەڵکردنی جەسـتەیی، بڕی (0.847-) لادانی پێوەری تەندروسـتی دەرونی کەم دەکات و بە پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە، واتە بە کەمکردنەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە گێچەڵکردنی جەسـتەیی، بڕی (0.847-) لادانی پێوەری تەندروستی دەرونی زیاددەکات.

٢- گێچەڵکردنی هێمـایی کـاریگەرییەکی بەڵگەداری ئـامـاری لەسـەر تەنـدروسـتی دەرونی نییە، ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.469)، کە گەورەترە لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە (0.05).

٣- گێچەڵکردنی زارەکی بە هەمان شـێوەی گێچەڵکردنی هێمایی، هیچ کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەسـەر تەندروستی دەرونی نەبوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە (P-Value>0.05).

٤- گێچەڵکردنی ئۆنلاین بڕی (0.273-) لادانی پێوەری کـاریگەری لەسـەر تەنـدروسـتی دەرونی هەیە. ئەم کاریگەرییە بەڵگەدارە بە سـەرنجدان بەوەی، کە (P-Value=0.000) و جۆری کاریگەرییەکە پێچەوانەیە. بەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

شـــێوەیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە بە زیادبونی هەر لادانێکی پێوەری لە گێچەڵکردنی ئۆنلاین بڕ (0.273-) لادانی پێوەری دابەزین لە تەندروســتی دەرونی ڕودەدات و بە پێچەوانەکەشــی بە کەمبونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە گێچەڵکردنی ئۆنلاین، بڕی (0.273-) لادانی پێوەری بەرزبونەوە لە تەنـدروســـــتی دەرونی ڕودەدات. وەک لە خشتەی(١٠)دا لە خوارەوە دەبینرێت.

خشتەی (١٠): کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوە شوێنکەوتوەکان

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| جەستەیی | -0.847 | 0.000 |
| زارەکی | 0.219 | 0.469 |
| هێمایی | 0.144 | 0.634 |
| ئۆنلاین | -0.273 | 0.000 |

### ٤.٨. کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی تەمەن لەسەر پەیوەندی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و شوێنکەوتو:

بۆ وردبونەوەی زیاتر لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بەشدارانی نمونەکەمان بۆ دو گروپی (١٤ساڵ بۆ ١٧ ساڵ) و (١٨ ســـاڵ و زیاتر) دابەشـــکرد لە نێو پرۆگرامی (AMOS)دا جیاوازیی هەر دو گروپەکە تاوتوێکرا. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١- سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان گێچەڵی جەستەیی بۆ تەندروستی دەرونی؛ لای تەمەنی (١٤ ـ ١٧ ساڵ) ئەم هێڵە بەڵگەدار نییە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە (P-Value=0.629)، کە گەورەترە لە ئـاســـتی گومـانی توێژینەوەکە (0.05)، بەڵام ئەم کاریگەرییە لای تەمەنی (١٨ بەرەوســـەر) بەڵگەدارە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە (P-Value=0.000)، کە بچوکترە لە ئـاســـتی گومـانی توێژینەوەکە. ســـەرەڕای ئەم جیـاوایيە لە ژمارەکان، بەڵام جیاوازییەکە لەڕوی ئامارییەوە بەڵگەدار نییە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (Z-score=-0.698).

٢- ســەبارەت بە کاریگەری گێچەڵی زارەکی لەســەر تەندروســتی دەرونی؛ وەکو لە خشــتەی (١١)دا لە خوارەوە دەبینرێت؛ ئەم پەیوەندییە لای هەر دو گروپە تەمەنییەکە بەڵگەدار نییە، هەروەها جیاوازیی نێوان هەر دو گروپەکە لەڕوی ئامارییەوە بەڵگەدار نییە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە (Z-score=-0.874).

٣- لە هێڵی پەیوەندیی نێوان گێچەڵی هێمایی بۆ تەندروســتی دەرونی، بە هەمان شــێوەی ســەرەوە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئـامـاری لە نێوان هەر دو گروپە تەمەنییەکەدا بونی نییە، ئەمەش بە ســـــەرنجدان بەوەی کە (Z-score=1.141).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

٤- ســـــەبارەت بە كاریگەری گێچەڵی ئۆنلاین لەســـــەر تەندروســـــتی دەرونی؛ وەكو لە خشـــــتەی خوارەوەدا دەردەكەوێت، جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (١٤ - ١٧ ساڵ) و (١٨ ساڵ بۆ سەرەوە) هەیە. بە چەشنێک كە لە گروپی یەكەمدا گێچەڵی ئۆنلاین بەشێوەیەكی بەڵگەدار بڕی (0.571-) لادانی پێوەری كاریگەری پێچەوانەی لەســـــەر تەندروســـــتی دەرونی هەیە. واتە بە زیادبونی هەر لادانێكی پێوەری لە گێچەڵی ئۆنلاین، بڕی (0.571-) لادانی پێوەری دابەزین لە تەندروستی دەرونی ڕودەدات و بە پێچەوانەكەشی ڕاستە. بەڵام لای گروپی دوەم (١٨ ســـــاڵ بۆ ســـــەرەوە) ئەم كاریگەرییە بەڵگەدار نییە (P-Value>0.05). ئەم جیاوازییەش لە نێوان دو گروپەكەدا بەڵگەدارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، كە (Z-score=2.702).

خشتەی (١١): كاریگەری گۆڕاوە دیمۆگرافی تەمەن لەسەر ئەنجامەكانی توێژینەوەكە

| كاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنكەوتو | ١٤ - ١٧ ساڵ | | ١٨ ساڵ بۆ سەرەوە | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی كاریگەری | p-value | بڕی كاریگەر | p-value | |
| جەستەیی ---> تەندروستی دەرونی | -0.284 | 0.629 | -0.717 | 0.000 | -0.698 |
| زارەكی ---> تەندروستی دەرونی | 0.805 | 0.201 | 0.205 | 0.456 | -0.874 |
| هێمایی ---> تەندروستی دەرونی | -0.665 | 0.335 | 0.178 | 0.504 | 1.141 |
| ئۆنلاین ---> تەندروستی دەرونی | -0.571 | 0.003 | -0.015 | 0.849 | 2.702*** |

Notes: *** p-value < 0.01; ** p-value < 0.05; * p-value < 0.10

## ٥.٨. جیاوازیی نێوان ئەوانەی گێچەڵیان بەرانبەر كراوە یان نەكراو لە كاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنكەوتو

یەكێكی دیكە لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەكان ئەوە بو، كە ئایا كەســـــەكە ڕوبەڕوی گێچەڵی بوتەوە یان نەخێر. بۆ ئەم مەبەســـتە نمونەی توێژینەوەكەمان لەســـەر پرۆگرامی (AMOS) بۆ دو گروپی ســـەرەكی دابەشـــكرد و داتاكانمان لەســـــەری باركرد. وەكو لە خشـــــتەی(١٢)دا لە خوارەوە دەردەكەوێت، لە هیچ یەک لە ئاراســـــتەكانی كاریگەرییدا جیاوازییەكی بەڵگەدار لە نێوان ئەوانەی كە گێچەڵیان پێكراوە لەگەڵ ئەوانەی پێیاننەكراوە بەدینەكرا ئەمەش بەو واتـــایە، كە ئەگەر ئەوانەی كە گێچەڵیـــان بەرانبەر نەكراوە، ڕوبەڕوی گێچەڵی ببنەوە، هەمـــان ئەنجـــام، كە بۆ گێچڵپێكراوەكان بەدەست دێت بۆ ئەوانیش بەدەست دێت، چونكە جیاوازییەكی بەڵگەدار لە نێوانیاندا نییە.

بۆ نمونە لە كاریگەری گێچەڵی جەستەیی لەسەر تەندروستی دەرونی، وەكو لە خشتەی خوارەوە دەردەكەوێت، لە هەر دو گروپەكەدا كاریگەرییەكە بەڵگەدارە (P-Value<0.05)، ئەمەش بەو واتایە، كە گێچەڵكردن بە هەر تاكێكی بەشداری نمونەكە بكرێت، ئەوە كاریگەری بەڵگەداری پێچەوانە دەكاتە سەر تەندروستی كەسەكە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

خشتەی (١٢): ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافی گێچەڵی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

| کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتو | گێچەڵی پێکراوە | | گێچەڵی پێنەکراوە | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P | بڕی کاریگەر | P | |
| جەستەیی ---> تەندروستی دەرونی | -1.126 | 0.018 | -0.717 | 0.000 | 0.790 |
| زارەکی ---> تەندروستی دەرونی | 0.294 | 0.454 | 0.205 | 0.455 | -0.186 |
| هێمایی ---> تەندروستی دەرونی | 0.380 | 0.360 | 0.178 | 0.504 | -0.410 |

## ١.٩ دەرئەنجام

بەسەرنجدان بەو ئامانجانەی، کە لەمیانی تاقیکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەستمانکەوتون، دەرئەنجامی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕو:

١. بەشێوەیەکی گشتی گێچەڵکردن لە ناو نمونەی بەشدارانی توێژینەوەکە نەبوە بە دیاردە، وەک حاڵەت بونی هەیە. ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە گێچەڵکردن بونی نییە لەناو نمونەی توێژینەوەکە، تەنها بونی بەس وەک حاڵەت هەیە.

٢. لە دیاریکردنی جۆرەکانی گێچەڵکردن لەناو نمونەی بەشداران، بە پلەی یەکەم گێچەڵیکردنی زارەکی و لەدوای ئەو گێچەڵکردنی هێمای ئینجا گێچەڵکردنی جستەیی و گێچەڵکردنی ئۆنلاین دێت.

٣. بە شێوەیەکی گشتی ئاستی تەندروستی دەرونی نمونەی بەشداران باشە.

٤. ئەوانەی، کە گێچەڵییان پێکراوە ئاستی تەندروستی دەرونییان لاوازترە، لەوانەی گێچەڵییان پێنەکراوە.

٥. ئەو هەرزەکارە کچانەی، کە لە تەمەنی منداڵی و بە تایبەت لە تەمەنی (٦-١٠) گێچەڵیکردنیان پێکراوە ئاستی تەندروستی دەرونیان نزمترە، بە بەراورد بە تەمەنەکانی تر.

٦. هەریەک لە گۆڕاوەکانی گێچەڵکردنی (جەستەیی، ئۆنلاین) کاریگەری لەسەر تەندروستی دەرونی هەیە، واتە هەریەک لە هەرزەکارە کچەکانی نمونەی بەشداران ڕوبەڕوی گێچەڵکردنی جەستەیی و ئۆنلاین ببنەوە، ئاستی تەندروستی دەرونیان دادەبەزێت.

٧. گۆڕاوی دیمۆگرافی تەمەن لەبەرنامەی(Amos)دا، دەرکەتوە، کە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (١٤-١٧) ساڵیدایە هیچ کاریگەری نییە لەسەر تەندروستی دەرونی، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (١٨- بەرەوسەر) کاریگەری لەسەر تەندروستی دەرونی نمونەی بەشداران هەیە.

٨. ئەوانەی ڕوبەروی گێچەڵکردنی ئۆنلاین دەبنەوە، کە تەمەنییان لە نێوان (١٨- بەرەوسەر) کاریگەری لەسەر تەندروستی دەرونی هەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

٩. جیاوازی گۆڕاوی ئەوانەی گێچەڵییان پێکراوە، یاخود نەخێر بەڵگەداری ئاماری لەنێوان ئەم دو گروپە نییە، بەڵام ئەوانەی ڕوبەڕوی گێچەڵکردنی جەستەی دەبنەوە کاریگەری بەڵگەداری ئامارییی لەسەر تەندروستی دەرونی هەیە، واتا هەرکاتێک نمونەی بەشداران ڕوبەڕوی گێچەڵکردنی جەستەیی بونەوە ئاستی تەندروستی دەرونییان دادەبەزێت.

### ٢.٩.ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

١. بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگای وەزارەتەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان، هەوڵی تەواو بدرێت بۆ دانانی پلانێکی تۆکمە لە پێناو کەمکردنەوەی نەهێشتنی دیاردەی گێچەڵکردن، ئەمەش لە پێناو دابینکردنی ئایندەیەکی گەش و سیستماتیک بۆ نەوەکانی داهاتو.

٢. بۆ پەرلەمانی کوردستان، وەک ئەرکێکی نشتیمانی هەڵبستن بە دانانی یاسایەکی تۆکمە و جێگیر، کە بتوانێت ئەو بۆشاییە یاساییە پڕبکاتەوە، کە بۆتە هۆکاری دیاردەی گێچەڵکردن.

٣. بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە پێویستە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن سەبارەت بەم دیاردەیە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان، لە پێناو دروستبونی کەش و هەوایەکی تەندروست، کە پڕبێت لە پەیوەندی کۆمەڵاتیی و هاوکاری کۆمەڵایەتی و گونجانی کۆمەڵایەتی، بە مەبەستی دورکەوتنەوە لەو دیاردەیە.

٤. بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، گرنگی زیاتر بدرێت بە دەزگای کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە پێناو کەمکردنەوەی دیاردەی گێچەڵکردن، دانانی بەرنامەیەکی گونجاو چاودێریکردنی هۆشیاری هەرزەکارە کچەکان لە ڕێگەی دام و دەزگا فەرمییەکانی خۆیان.

٥. بۆ باوک و دایکان، پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان ئەرکێکی ئاینی و کۆمەڵایەتییە، بۆ پێویستە باوک و دایکان گرنگی زیاتر بە ڕۆڵەکانیان بدەن بۆ پیشان دانی دیاردەی گێچەڵکردن، وەک کێشەکی قێزەون و دور لە ئاداب و کلتوری کۆمەڵگا، بە مەبەستی دورکەوتنەوەیان لەم دیاردەیە.

٦. بۆ مامۆستایان و بانگخوازانی ئاینی، وەک ئەرکێکی ئاینی هەستن بە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا، مەبەستی دورکەتنەوە لەم دیاردەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

# Harassment and its Correlation to Psychological Health of Adolescent Girls: A Field Study in Rania City

**Pshtiwan Awlla Khder[1] - Jwan Ismail Ahmed Bakr Khoshnaw[2]**

[1+2]Department of Sociology, College of Arts, University of Salahaddin – Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Harassment is a global phenomenon these days, and it's an issue facing communities around the globe. This has attracted researchers to write and comment on the phenomenon. The problem is a global threat, in particular to females. Although men also face harassment, but this is not the focus of this paper. Among females, the generation who are in particular targeted are adolescent girls .

The main purpose of this paper is to find the correlation between harassment and mental well-being of adolescent girls. Researchers have made use of the descriptive-analytic method. For this purpose, researchers have prepared a form which includes the standards of harassment. The form has two main parts. The standards of harassment has 32 points, and the standards of mental health has 22 points. Samples were taken randomly from (334) adolescent girls from high school levels in Rania city. Researchers have utilized both SPSS and AMOS programs .

This paper has found that none of the forms of (harassment, physical, verbal, symbolic and online), have become a common phenomenon among the samples taken. Instead, the problem appears in the form of instances. It is also found that the mental health of the participants is in good standing. However, participants who have faced harassment at ages 6 to 10 appear to have weaker mental health than other ages. Data also shows that adolescences who face harassment suffer from more mental health problems than their peers who have not faced the problem. In addition, adolescent girls who have faced online harassment have weaker mental health compared to their peers who have faced other forms of harassment.

**Keywords**: Harassment, Mental Health, Adolescence.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28**

## سەرچاوەكان:


رضا- احمد، آرازحكم- عباس شريف(٢٠١٩) توندوتیژی ڕەمزی و پەیوەندی بە كوالیتی فێربون لای خوێندكارانی زانكۆی كۆیە، كۆیە، زانكۆی كۆیە، كۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەڕەوتی شارستانیەتدا: ٢١٩-٢٣٤.

فتاح-فتاح، د.میدیا ابراهیم، م.ی ئەڤین ابراهیم (٢٠١٩) گێچەڵكردن بە ژنان لە شـــوێنی كاردا و پەیوەندی بە جۆری كارەوە، توێژینەوەیەكی كۆمەڵناسی مەیدانییە، لە شاری هەولێر، زانكۆی سۆران، گۆڤاری توێژەر ژمارە(٢) ١٥٥- ١٨٤.

یاسین، عزالدین عبدالله(٢٠١٨) گێچەڵی سێكسی، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

ئانشـــتاین-فرۆید، ســـیگمۆند-ئەلبێرت(٢٠٠٧) پاڵنەرەكانی جەنگ، و: مەریوان هەڵبجەیی، كوردســـتان: وەزارەتی ڕۆشـــنبیری بەڕێوەبەرایەتی وەرگێران.

ابن مزبان، حنان(٢٠١٥) أشكال التحرش الجنسي بالمرأة العاملة الجزائرية والإجراءات للحد من الظاهر، الجزائر، مجلة الحكمة للدراسات الإجتماعية- موسسة كنوز الحكمة للنشر والتوزيع عدد: (٣٠) ٢٥٤-٢٤٦.

جعفر، عبدالله جاه الرسول(٢٠١٦) جريمة التحرش الجنسي عقوبتها في الفقة الإسلامى والقانون، ريسالة ماجستر غيرة المنشورة، سودان، جامعة أم درمان الإسلامية.

خطاب، محمد محمود(٢٠١٧) سيكوديناميات التحرش الجنسى لدى الإناث(دراسة في التحليل النفسى)، قاهرة، المكتب العربى للمعارف.

الداهري، الدكتور صالح حسن(٢٠١٠) مبادى الصحة النفسية، ط: الثانية، عمان، الأردن، دار وائل للنشر والتوزيع.

ذيب، أ.م.د. إيمان عبدالكريم(٢٠١٤) السلوك الاجتماعي للطالب الجامعي، بغداد، جامعة المستنصرية، مجلة مركز البحوث التربية والنفسية: عدد(١٢) ١-٤٣.

الربعي، علاء جمال(٢٠١١) الاظطرابات السلوكية والنفعالية لدي الأطفال الصم وعلاقتها بالتوافق الأسري، ڕيسالة ماجستر غيرة المنشورة، فلسطين، الجامعة الإسلامية-غزة.

الزبيدي، أ.د رحيم عبدالله(٢٠٢١) التنمر المدرسي لدي تلاميز المرحلة الابتدائية، عراق، جامعة البصره، مجلة للعلوم الإنسانية: عدد(خاص) ١٧١-٢٠١.

زيان، نصيرة(٢٠٢٠) أشكال التحرش الجنسي في الوسط الجامعي وانعكاساته على العلاقات الاجتماعية بين الطلاب، يسالة ماجستر، غيرة منشورة، الجزائر، جامعة محمد خيضر بسكرة.

ساره، خلفة(٢٠١٧) الجريمة من وجهة نظر التحليل النفسي: سيغموند فرويد-ألفريد أدلر نموذجا، الجزائر، جامعة محمد ليمن د.باغين سطيف ٢: مجلة جيل العلوم الإنسانيه والاجتماعية عدد:(٣٦) ٨٩-٩٧.

السيد، فؤاد البهي(١٩٥٦) الأسس للنمو من الطفولة، مصر: دار الفكر العربى.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28

شقرانة، أ.أم الخير(٢٠١٧) التحرش الجنسي في الوسط المدرسى وتأثير على التفاعيل الاجتماعى داخل المدرسة، ديراسة ميدانية، الجزائير، جامعة أم البواقى، مجلة التخير الاجتماعى: عدد(٣)٣١٥-٣٣٦.

صالح، فاطمة محمد(٢٠٠٧) الالتزام الديني وعلاقته بالصحة النفسية لدي طلبة كلية العلوم الإسلامية، عراق، جامعة الموصل، مجلة التربية والعلم عدد((٤ ٣٢٩-٣٥٩.

عامر-نيروز، أ.د أيمن- د. نفين(٢٠٢٠) التحرش الجنسي بالموظفات في المجال العمل الأكاديمي الانتشار والأسباب وأساليب المواجهة المدركة، مصر، جامعة القاهرة، مجلة دراسات نفسية عدد: (٣) ٤١٣-٤٧٥.

العيسى، د.مريم بنت عيسى بن حامد(٢٠١٤) أثر القرائن الطبية الحديثة في إثبات التحرش الجنسي، المصر: مجلة دار الإفتاء عدد: (١٩) ٧٤-١٤٥.

فرويد، سيجمند(١٩٨٣) الأنا والهو، ترجمة الدكتور محمد عثمان نجاتى، ط: الرابعة، بيروت: دار الشروق.

المطيرى، د.معصومة سهيل(٢٠٠٥) الصحة النفسية مفهومها-اضطرباتها، كويت: مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع.

ناصف، م.د راني بهجت(٢٠٢٠) التحرش الجنسي في المجتمع الرياض دراسة أنثروبولوجية، جامعة حلوان، قاهرة، مجلة العلمية التربية البدنية وعلوم الرياضة عدد: (٩١) ٢٩-٥٣.

كردى-نوذرى، حسين، حسين_ سيد على اصغر حسينى(٢٠١٥) تجربه انواع آزار جنسى زنان، ايران، دانشگاه علوم بهزيستى و توانبخشى تهران، فصلنامه رفاه اجتماعى شماره (٥٧) ٧-٣٠.

Albert, bandura, (1971) social learning theory, USA, Stanford university: general learning press.

Hox- Bechger, J.J, T.M (1999) An introduction to structural Equation modeling, Netherlands, university of Amsterdam, family science review: vol (11) 353-373.

Jones- Lisan, and others (2013) online harassment in context: Trends from three your internet safety surveys (2000, 2005, 2010), USA, university of New Hampshire, psychology of violence: vol (3) 53-69.-Miller, erica Michelle (2013) peer sexual harassment, in middle school: class room and individual factors, submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of doctor of philosophy (Unpublished) New York, Columbia university.

Morilly, Chery J (2012) Adolescents, lived experiences of Sexual Harassment in the School Environment, master of arts, (unpublished) south African university of the western cape.

Parks, Peggy J (2013) cyberbullying the internet, united states, reference point press.

Whitfield, Karen (2015) innovative online instructional practices: A narrative study exploring the social learning environment of distance education from the perspective of college instructors, degree of doctor of education, (unpublished), USA, north eastern university Boston.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper28**